مەیکوژە، ئەگەر بیکوژیت؛ ئەو دەچێتە شوێنی تۆ پێش ئەوەی بیکوژیت، وتۆش دەچیتە شوێنی ئەو؛ پێش ئەوەی ئەو وشانە بڵێیت

لە میقدادی کوڕی عەمروی کیندیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- : ئەگەر تووشی کابرایەکی بێباوەڕ بووم وچووین بەگژیەکدا، وبە شمشێرەکەی دای لە دەستم وبڕی، پاشان پەنای بردە پاڵ دارێک، وگووتی: مسوڵمان بووم بۆ اللە، ئایا بیکوژم ئەی پێغەمبەری خودا پاش ئەوەی ئەم قسەی کرد؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر مەیکوژە»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، دەستێکی بڕیم پاشان ئەم قسەی کرد؟! پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مەیکوژە، ئەگەر بیکوژیت؛ ئەو دەچێتە شوێنی تۆ پێش ئەوەی بیکوژیت، وتۆش دەچیتە شوێنی ئەو؛ پێش ئەوەی ئەو وشانە بڵێیت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

میقدادی کوڕی ئەسوەد -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد: ئەگەر گەیشت بە پیاوێك لە کافرەکان لە جەنگدا، وبە شمشێر ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، هەتاوەکو کافرەکە بە شمشێرەکەی دەستێکی بڕی، پاشان کافرەکە ڕای کرد وخۆی پەنادا لەپاڵ دارێك، وگووتی: (لا إله إلا الله)، ئایا کوشتنی حەڵاڵە لەپاش ئەوەی دەستی بڕیم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: مەیکوژە. ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو دەستێکی بڕیم، لەگەڵ ئەمەیشدا نەیکوژم؟! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: مەیکوژە، چونکە خوێنی حەرام بووە، ئەگەر بیکوژیت لەپاش مسوڵمانبوونی؛ ئەوا ئەو لە پلەی تۆدایە وخوێنی پارێزراوە بەهۆی مسوڵمانبوونەوە، وتۆ لە پلەی ئەودایت وخوێنت حەڵاڵە؛ بەهۆی ئەوەی کوشتت وتۆڵەت لێدەسێندرێتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4815